# سوپاس و پێزانین

له رۆژی شه‌ممه ١ی نوامبری ٢٠٠٣ی زایینی‌یه‌وه که ٥٣ که‌س له په‌ناخوازانی سیاسی کوردی ئێرانی له شاری "وان"ی تورکیه له لایه‌ن پولیسی ئه‌م ولاته‌وه گیران و زیندانی کران، حیزب و لایه‌ن و که‌سایه‌تی‌یه سیاسی‌یه‌کانی ئوپوزیسیونی کوردی ئێرانی به تایبه‌تی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و رێکخراوی کۆمه‌ڵه‌ی زه‌حمه‌تکێشانی کوردستان و رێکخراوی کۆمه‌ڵه‌ی سه‌ر به حیزبی کومونیستی ئێران، له رێگای جۆراوجۆره‌وه هه‌وڵێکی به‌رده‌وام و کاریگه‌ریان به کار هێنا بۆ ئه‌وه که ئه‌و گیراوانه ئازاد بکرێن. له ئاکامی ئه‌م هه‌ول و ته‌قه‌للایانه دا بوو که ئه‌و ٥٣ په‌ناخوازه له دوایین ساعاته‌کانی شه‌وی ٧ی نوامبر هه‌تا رێکه‌وتی ١ی دیسامبری ٢٠٠٣ که وه‌ك رۆژی دادگایی کردنی دووباره‌یان دیاری کراوه ئازاد کران. ئه‌و ٥٣ گیراوه مه‌ترسی جیددی ته‌حویل درانه‌وه به ریژیمی ئێران هه‌ره‌شه‌ی لێ ده‌کردن. هاتنه دی ئه‌م مه‌ترسی‌یه‌ش به سه‌رنج دان به‌وه که زۆربه‌یان له تێکۆشه‌رانی پێشووی حیزب و رێکخراوه‌کانی ئوپوزیسیونی کوردی ئێرانی بوون، ده‌بووه هۆی رووداوه‌وه‌ی کاره‌ساتێکی زۆر به‌رینتر له ته‌حویل درانه‌وه‌ی **"که‌ریم توژه‌لی و خالید شه‌وقی"** که به داخه‌وه ساڵی رابردوو پاش چه‌ند مانگ ئازار و ئه‌شکه‌نجه له لایه‌ن ریژیمی ئێرانه‌وه ئیعدام کران.

ئێمه ئه‌و ٥٣ به‌ند کراوه و باقی په‌ناخوازانی سیاسی کورد له شاری "وان" ئه‌و په‌ری سوپاس و پێزانینی خۆمان پێشکه‌شی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و رێکخراوی کۆمه‌ڵه‌ی زه‌حمه‌تکێشانی کوردستان و رێکخراوی کۆمه‌ڵه‌ی سه‌ر به حیزبی کومونیستی ئێران و باقی ئه‌و که‌سایه‌تی و حیزب و رێکخراوانه ده‌که‌ین که به هه‌وڵی به‌رده‌وام و فشار هێنان بۆ رێکخراوه‌کانی پارێزه‌ری مافی مرۆڤ و کومیسارییای به‌رزی په‌نابه‌رانی سه‌ر به رێکخراوی نه‌ته‌وه یه‌کگرتووه‌کان له ژنیڤ و لقی ئانکارا، بواری ئازاد کرانی گیراوه‌کانیان ره‌خساند.

*به‌و ئاواته‌ی که فشاری سیاسی و هه‌ول و تێکۆشانی کاریگه‌ری ئێوه تا کاتێک درێژه‌ی پێ بدرێ که ئه‌و سه‌دان که‌س په‌ناخوازه سیاسی‌یه کورده که زیاتر له دوو ساڵه له ده‌ست به سه‌ری و بێ ده‌ره‌تانی ده‌روونی و ماڵی دا به سه‌ر ده‌به‌ن، له دۆزه‌خی "وان" رزگارییان بێ.*

ئیمزا :
٥٣ گیراوی ١ــ ٧ ی نوامبری ٢٠٠٣ و باقی په‌ناخوازانی سیاسی کوردی ئێران
وان ــ تورکیه
٢٠٠٣/١١/٨